# خەباتی وەرزش

293

یەکشەممە 2010/8/29

8 لاپەڕە

250 دینار


## ئەمڕۆ لە پاڵەوانێتیی باسکەی جیهانیدا

دوێنێ لە تورکیا پاڵەوانێتیی باسکەی جیهانی بەڕێوەچوو کە 24 هەڵبژاردە بەسەر چوار گروپدا دابەشکراون و هەر هەڵبژاردەیەک 5 یاری ئەنجام دەدات لە گەڕی یەکەم و تیایدا چوار هەڵبژاردە لەهەر گروپێک سەردەکەون بۆ دەوری دووەم و ئەو دەورەش بە سیستەمی knockout ئەنجام دەدرێت:

گروپی A:

ئوردن × ئەنگۆلا

سربیا × ئەڵمانیا

ئەرژەنتین × ئوستراليا

گروپی B:

سلۆڤینیا × ئەمەریکا

کرواتیا × ئێران

بەڕازیل × تونس

گروپی C:

چین × کۆتدیڤوار

ڕوسیا × بۆرتریگۆ

تورکیا × ڕووسیا

گروپی D:

لیتوانیا × کەنەدا

لوبنان × فەڕەنسا

ئیسپانیا × نیوزلەندا



**4** ئەنجلینا

هاندەری بەرشلۆنەیە



**5** مێسی

بەباش نازانێت



**7** بچووکترین یاریزان

لە دیمانەیەکدا

## سێشەممەی داێ

# هەولێر دەتوانێت قەرەبووی دۆڕانەکەی بەرامبەر تەڵەبە بکاتەوەو دهۆکیش ئەرکی ئاسانە

دوای ئەوەی یانەی هەولێر لەسەر یاریگای خۆی لەبەردەم جەماوەرەکەی بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر دۆڕایە یانەی تەڵەبە لەمیانی چوارگۆشەی زێرینی خولی یانە نایابەکانی ئێراق، لەوکاتەی یانەی تەلەبە بە 9 یاریزان یاری دەکرد دوای ئەوەی دوو یاریزانی بەکارتی سوور کرانە دەرەوە، هەروەها یانەی هەولێر دوو لیدانی سزای لەدەستدا لەڕێگای یاریزانان ئیسماعیل بانگۆراو هەڵگور مەلا محەمەد، بەم ئەنجامەش ئەرکی یانەی هەولێر زەحمەتتر بوو بۆ یاریی گەڕانەوە لەکاتێکدا لە سێشەممەی داهاتوو کاتژمێر 4:30ی ئێوارە دەبێتە میوانی تەڵەبە، بۆ ئەوەی بگاتە یاری کۆتایی دەبێت یانەی هەولێر بە جیاوازی دووگۆڵ سەرکەوتن تۆمار بکات، لەکاتی بردنەوەی هەولێر بەگۆڵێکی بێ بەرامبەر پەنا دەبرێتە بەر لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا، بەر هەر ئەنجامێکیش کە لەبەرژەوەندی یانەی تەڵەبە بێت یاخود بەرامبەر بوون ئەوا یانەی هەولێر کاروانەکەی لێرە دەوەستێت و ناتوانێت ململانێ لەسەر پارێزگاریکردن لەنازناوەکەی بکات، لە بەرامبەریشدا یانەی دهۆک ئەرکی زۆر ئاسانە لەیاریی گەڕانەوەدا چونکە توانی لە یاریی چوون بە 5-1گۆڵ سەرکەوت بەسەر یانەی زەورا، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێگر بێت لەبەردەم سەرکەوتنی یانەی دهۆک دەبێت بەجیاوازی 6 گۆڵ یارییەکەی بباتەوە کە ئەمە کارێکی زەحمەتە بۆ یانەیەکی وەکو زەورا بەرامبەر یانەی دهۆک، هیوا خوازین یانەی هەولێر بتوانێت ئەنجامێکی دلخۆشکەر بەدەست بێنێت کە جێگای ڕەزامەندی جەماوەرەکەی بێت.

**نەبەز ڕووستایی**



## میلان و ڕیال لە گروپی مەرگدا

## ئەنجامی تیروپشکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا

پێنجشەممەی ڕابردوو لە شاری مۆناکۆی فەڕەنسی ڕێوڕەسمی تیروپشکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ڕاکێشرا، بەپێی گوتەی چاودێران، هاوسەنگییەک لە گروپەکاندا هەیە، تەنها گروپی حەوتەم نەبێت کە ڕیال و میلانی تێدایە بە گروپی مەرگیان ناوبردووە، ئەمەش گروپەکانە:

گروپی A: ئینتەر میلان، ڤێردەربریمن، تۆتنهام، تویێنتی

گروپی B: لیۆن، بەنفیکا، شالکە، هابوێل

گروپی C: مان یونایتد: ڤالانسیا، رینجەرز، بۆرساسپۆر

گروپی D: بەرشلۆنە، پاناسیناکۆس، کۆپنهاگن، ڕۆبن کازان

گروپی E: بایرن میونیخ، ڕۆما، بازل، کلوج

گروپی F: چێلسی، مارسیلیا، سپارتامۆسکۆ، زیلینا

گروپی G: میلان، ڕیال مەدرید، ئەیاکس ئەمستردام، ئۆکسییر

گروپی H: ئەرسناڵ، شاختار، سپۆرتینگ پڕاگا، پارتیزان



## فیلیپی میلۆ: بردنەوەی ئەمڕۆمان بە ئاڕاستەی ئامانجەکانمان دەبات



فیلیپی میلۆی یاریزانی یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی لەگەڵ دەستپێکی خولی ئیتاڵیا ڕایگەیاند کە هەوڵ و کۆششی تەواوی خۆی دەدات لە هەردوو خولی ئیتاڵیا و ئەورووپا کە یارمەتی یانەکەی بدات لە پێناو بردنەوە و پلەی یەکەم و لە هەمان کاتیش هەوڵ دەدات پارێزگاری لە هێمنی و ئارامیی خۆی بکات و تەنها بیر لەوە بکاتەوە لەگەڵ یۆڤی دەستکەوت بەدەست بێنێ، سەبارەت بە یارییەکەی ئەمڕۆشیان لە بەرامبەر یانەی باری گوتی: پێویستە لە دەستپێکدا بەشێوەیەکی ڕاست دەست پێ بکەین، ئەمڕۆش لە باری ببەینەوە و ئەو بردنەوەیەش بکەینە دەستپێکی بردنەوەکانمان لەم وەرزەدا.

## سبەی هەڵبژاردەی بەڕازیل لە بەرشلۆنە دەبێت

سبەی دووشەممە هەڵبژاردەی بەڕازیل بە ڕاهێنەرایەتی مانۆ مینیزیس یەکەمین مەشقی خۆی لە بەرشلۆنە ئەنجام دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاهێنەری ناوبراو 22 یاریزانی بەڕازیلی ئەوانەی لە ئەورووپا یاری دەکەن، بانگهێشتی هەڵبژاردەی کردووە بۆ ئەم سەربازگە مەشقییە کە بڕیارە تا 9ی مانگ بخایەنێت، لەلایەکی دیکەوە یەکێتی تۆپی پێی بەڕازیل ئاشکرایکرد کە هەردوو هەڵبژاردەی بەڕازیل و ئەرژەنتین لە 17 ی نۆڤێمبەری داهاتوو لە یارییەکی دۆستانەدا لە قەتەر بەیەک دەگەن.